کاتێک خوای گەورە -عَزَّ وَجَلَّ- مرۆڤەکان لە سەرەتا بۆ کۆتایان کۆ دەکاتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا؛ ئاڵایەک بەرز دەکرێتەوە بۆ هەموو خیانەتکارێک (ناپاکێک)، دەووترێت: ئەمە خیانەتی فلّانی کوڕی فلّانە

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک خوای گەورە -عَزَّ وَجَلَّ- مرۆڤەکان لە سەرەتا بۆ کۆتایان کۆ دەکاتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا؛ ئاڵایەک بەرز دەکرێتەوە بۆ هەموو خیانەتکارێک (ناپاکێک)، دەووترێت: ئەمە خیانەتی فلّانی کوڕی فلّانە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کاتێك خوای گەورە -سبحانه وتعالى- لە یەکەم مرۆڤەوە بۆ کۆتایان کۆدەکاتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەوا هەموو خیانەتکارێك کە پەیمانی شکاندووە و وەفادار نەبووە لەگەڵ الله یان لەگەڵ خەڵکی؛ نیشانەیەکی لەلا دادەنرێت کە بەهۆیەوە ئابڕووی دەچێت وئاماژەیە بۆ خیانەتەکەی، ولەو ڕۆژەدا بانگ دەکرێت: ئەمە خیانەتی فلّانی کوڕی فلّانە؛ بۆئەوەی خراپەی کردەوەکەی دەربکەوێت لەلای خەڵکی مەحشەر.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2936